# TARAWGA تاراوگه

# KURDISH DIASPORA

تاراوگه بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**20 Maart. 2019 No. [43]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**


سەرنجێک لە کوردانی تاراوگەنشین. نوسینی: ئازاد قادر. ل1 و 2

ڕۆژی ١٨ ی نیسان دایکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بە خاک سپێردرا ل1 .

یوسف مەنتک ...لە ئەڵمانیا کوردێک کاندیدە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی... ل 3.

کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و دڵپیسکردن....! موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا ل 4

پرنسیپی هونەری مۆسیقا، نوسینی سەلاح ڕەوف، ل 4 و5 .

بیروڕای ئازاد، نوسینی هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل . ل. 7

هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد، ڕێبوار خالید تاهیر ل 8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

20 April 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 43
20 ئەپریلی 2019

## کوردانی دەرەوە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان لە پرسە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هەبووە، چەندین چالاکیی سیاسیان ئەنجامداوە، سەدان گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دژی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان کردووە..

# سەرنجێک لە کوردانی تاراوگەنشین

ئازاد قادر

بێگومان هەموو نەتەوەیەک لە جیهاندا، خاوەنی کۆمەڵە کەسانێکن، کە کۆچیان بۆ ناو نەتەوە و وڵاتانێکی دیکە کردووە. هۆکاری ئەو کۆچکردنانەش زۆرن، بۆ نموونە نالەباری باری ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی یان بەهۆی هەبوونی کێشە و گرفتی تاکە کەسییەوەیە. یەکێک لەو نەتەوانە ئێمەی کوردین، کە ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆرمان لە دەرەوەی کوردستان ژیان بەسەردەبەین، بەشێوەیەک، کە ئەمڕۆ کورد لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، کۆچبەرانی کوردی تاراوگەنشینیان پێکهێناوە. بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستورالیادا، کوردانێکی زۆر بوونەتە هاونیشتمانی و دانیشتووی وڵاتانی ئەو کیشوەرانە. شایانی باسە بوونی هەموو ئەو خەڵکە بێگانانە، لەو وڵاتە جۆربەجۆرانەدا بۆتە هۆی ئەوەی، کە هەر کۆمەڵە خەڵکانێکی نەتەوەیەک، خاوەنی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینی خۆیان بن، بەشێوەیەکی فەرمی، وەک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینی لە دەوری یەکتری کۆببنەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە، کە زۆر بەداخەوە ئێمەی کورد، بەهۆی خراپی پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانمانەوە، کوردانی هەندەران کۆمەڵە خەڵکێکی تەبا و یەکگرتوو نین، وەک پێویست نەمانتوانیووە ڕێکخراو و دامەزراوەی تایبەت بەخۆمان هەبێت و ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە کوردانی دەرەوەی کوردستان پێکەوە کۆبکەنەوە، بەرەو یەکگرتوویی و پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیانێکی ئاسایيان ئاڕاستە بکەن. ئەو ناتەبایی و ناکۆکییە سیاسییانە وایانکردووە، کە لێکترازان و ناکۆکی پەرشوبڵاوی لەنێوان کوردانی دەرەوەی کوردستاندا دروست ببێت و نەتوانن بە یەکگرتوویی پێکەوە کار بۆخۆیان و بۆ پرسی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەتەکەی خۆیان بکەن. لێرە ناکرێت بە دوورودرێژی بچینە ناو هەموو وردە کارییەکانی ئەم کێشە و گیروگرفتانەی کوردانی تاراوگەوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستم زانی، بەکورتی ئاماژەیەک بەم دیاردە خراپ و نالەبارانە بدەم. هەروەها ناکرێت باسی ڕۆڵی کوردانی هەندەرانیش نەکەم، کە لە ڕۆژە سەختەکانی کوردستاندا هۆکارێکی باش و یارمەتیدەربوون، بۆ کەسوکار و هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانیان. ئەوەش وەک ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەنجامدراوە و هاوکار و یارمەتیدەرێکی کاریگەربوون.

بڕوانە: ل 2

## ڕۆژی ١٨ی نیسان
## دایکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بەخاک سپێردرا
## وەرگێڕانی: موزەفەر عەزیز



دایکی ڕاوێژکار ئەنگیلا مێرکل"سی دی یو" هێرلیند کاسنەر، ڕۆژی پێنجشەممە(١٨.٤) لە زێدی خۆی لە تێمپلین لە لە باکوری براندنبێرگ دەنێژرێت. لەپرسەنامەیەکدا کە لە ڕۆژی شەممە لە ڕۆژنامەی"نۆرد کوریر"دا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە، ئەو ٩٠ساڵییە،لە نێو چوارچێوەیەکی تەسکی خێزانەکەیدا مەراسیمی ناشتنی بۆ دەکرێت، هەروەک پێشتریش لەنزای کەنیسەی ماگدالینەدا بڕیاری لێدراوە، لە پرسەنامەکەدا ناوی ڕاوێژکار مێرکل و هاوسەرەکەی یۆئاخیم زاوەر و خوشک و براکانی هاتووە، هێرلیند کاسنەر ڕۆژی ٦ی نیسان لە بەرلین کۆچی دواییکرد، تا تەمەنێکی زۆر هەر خەریکی خۆڕۆشنبیرکردن و خوێندن بوو، ئەو پێشتر مامۆستابووە و وانەی ئینگلیزی و لاتینی لەفێرگەی خوێندنی باڵا لە تێمپلین گوتۆتەوە، لەهەمان شوێنی باوکی کە ساڵی ٢٠١١ ماڵئاوایی کرد مەراسیمێکی بەمیوزیک لەتێمپلین بۆسازدەکرێت. ماوە بگوترێت هێرلیند و هۆرست کاسنەر ساڵی ١٩٥٤ لە هامبۆرگەوە چوونەتە ڕۆژهەڵات و ساڵی ١٩٥٧ گواستویانەتەوە بۆ ئوکەرمارک، لەوێ باوکی ئەنگیلا مێرکل ڕاگری کۆلێژێکی قەشان بووە. سەرەتای مانگی شوبات دایکی لەگەڵ کچەکەیدا ئامادەبوو، کاتێ ڕەگەزنامەیەکی فەخری لەلایەن شاری تێمپلینەوە پێبەخشرا.

سایتی فۆکۆس

# سەرنجێک لە کوردانی تاراوگەنشین



ئازاد قادر

**لە هاوسەنگکردنی باری دالەنگیوی ئابوری و کۆمەڵانیی خەڵکی کوردستاندا، کە بارودۆخێکی ناخۆش و نالەباریان بەهۆی جەنگ و گەمارۆی ئابورییەوە بەسەردا هاتبوو، ئێمە لێرەدا باسەکەمان لەسەر بارودۆخی کوردانی باشوری کوردستانە نەک هەموو کورد بەگشتی. بەدڵنیاییەوە کوردانی هەندەراننشین هەر یەکە و بەپێی توانای خۆی درێخی نەکردووە، لە بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتیی خێزانی و هاوڕێیەتی و تەنانەت نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی خۆی.**

سەرباری هەموو ئەوانەش کوردانی دەرەوە, ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان لە پرسە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هەبووە و چەندین چالاکیی سیاسیان ئەنجامداوە و سەدان گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دژی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان کردووە، کە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لەسەر ئەو دەوڵەت و میللەتانە هەبووە, کە تێیدا ژیاون و دەژین. تەنانەت چەندین جار هێرش کراوەتە سەر باڵیۆزخانەتەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و لەو ڕێگەیەوە سەرنجی ڕاگەیاندنە جیهانییەکانیان بۆ لای پرسی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان ڕاکێشراوە و باسی کێشەی ڕەوای کوردییان کردووە و بە میللەتەکانی خۆیانیان ناساندوون. بۆ نموونە کە خۆپیشاندان بۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵکوژییەکان و تاوانە گەورەکانی دوژمنان و داگیرکەران کراوە، کوردانی دەرەوە لە هەر وڵاتێک بووبن ڕوویانکردووەتە ئەو وڵاتەی، کە خۆپیشاندانە گەورەکەی تێدا کراوە، لەسەر ئەرک و خەرجیی خۆیان سەدان لافیتە و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان دروستکردووە و لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکاندا بەرزیان کردوونەتەوە، پیشانی میللەتانی تریان داوە. وەک خۆپیشاندان لە شارەکانی لەندەن و پاریس و بەرلین و بۆن و کۆلن و ئەمستەردام و ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن و برۆکسل و....هتد. هەموو ئەو گردبوونەوە و خۆپیشاندانانە کاریگەریی خۆیان هەبووە و پرسی رەوای میللەتەکەمانیان بە جیهان ناساندووە، سەرنجی میدیاکانی جیهانیان بۆلای خۆیان راکێشاوە. تەنانەت لەم چەند ساڵانەی دوای ڕاپەڕین و ئازادبوونی باشوری کوردستاندا، کوردانی تاراوگەنشین ڕۆڵی باش و کاریگەریان لە دەنگدانەکان و هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هەبووە و دەنگی خۆیان گەیاندۆتە کوردستان و بەشداربوون لە دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی هەموو خولەکانی پەرلەمانی کوردستان و لەم دواییانەشدا بەشداریی زۆر و کاریگەریان لە دەنگدان بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی باشوری کوردستاندا هەبووە.

دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە هەموو ساڵێک یادی جەژنی نەورۆز کراوەتەوە و لەو یادە نەتەوەییەدا، سەدان ئاڵای کوردستان دروستکراون و بەرز کراونەتەوە و ئاڵای کوردستانیان بە میللەتانی تر ناساندووە.

یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کراوەتەوە و ئەو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیانە بەرزتر و پیرۆزتر کراون.

با لێرەدا ئەو گلەییەش لە هەندێ لە خەڵکان بکەین، کە لە ناوەوەی کوردستان لەڕووی ئاگادارنەبوون و تێنەگەیشتنەوە لە ژیانی کوردانی هەندەراننشین، هەڵوێستی خراپیان لەسەر کوردانی دەرەوەی کوردستان هەبووە و هەیە و هەندێک جار گوتە و ناو وناتۆرەی ناشایستە و نەشیاویان لەسەر کوردانی هەندەران دەربڕیووە و بە خراپە باسی کوردانی هەندەرانیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە، ئەوەش ستەمێک بووە، کە بەگشتی لە کوردانی دەرەوەی کوردستان کراوە. یان لەکاتی سەردانکردنی کوردستاندا، بەچاوێکی خراپ و نائاساییەوە سەیری کوردانی دەرەوە کراوە و دەکرێت. یان هەموو ئەو دڵسۆزی و هاوکاری و یارمەتی و پشتوانییەی کوردانی هەندەران، یان لەبیرکراون یان وەک ڕێزلێنەنان و پێنەزانین و بێوەفایی بەرامبەریان ئەنجامدراوە. شایانی باسە کوردانی دەرەوەی کوردستان بەدرێژایی بوون و مانەویان، هەڵوێستی نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانەیان هەبووە و هەیە و هەمیشە بە هەموو شێوە و شێوازیکی کراو و گونجاو لە خزمەتی کورد و کوردستاندا بوون و هەن. ئەمڕۆ کۆمەڵگەیەکی هەندەراننشینی کورد لە دەروەی کوردستان دروست بووە و هەیە و گرنگ و کاریگەرە و بەگشتی توانیویانە سود لە مانەوەی خۆیان وەربگرن و سود لە پێشکەوتن و فەرهەنگ و مێژوو و دابونەریتی میللەتانی تر وەربگرن و لەگەڵ ژیان و فەرهەنگ و دابونەریتی ڕەسەن و جوانی کوردەواریدا موتوربەیان پێبکەن و فەرهەنگێکی باشتر و جوانتریان لێپێکبهێنن. ئەمڕۆ ئێمە لە هەندەران خاوەنی هەزاران کوردی خوێندەوار و خۆپێگەیاندووین، لە پزیشک و ئەندازیار و مامۆستا و کۆمەڵناس و دەروونناس و دیپلۆمات و سیاسەتپیشە و تەکنیککار و هونەرپیشە و.....هتد، کە هەموو ئەوانە سەرمایەیەکی مرۆیی پێویست و گرنگ و گەورەن بۆ ئێستا و داهاتووی کورد و کوردستان.

ئەم ڕەوشە بەشێوەیەکە، کە ئەمڕۆ لەلایەن هەموو حیزب و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی پارتەکانمانەوە چ لە هەندەران و چ لە کوردستان، بە باشی و بە بەرز و گرنگ باس دەکرێت دەنرخێنرێت و ستاییش دەکرێت و ئێستا هیچ کەس و لایەنێک نکوڵی لە ڕۆڵ و کاریگەرێتی کوردانی دەرەوەی کوردستان ناکەن. لەدواجاردا دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئێستا کۆمەڵگەی کوردانی دەرەوە گۆڕانکاریی زۆر باش و دڵخۆشکەر و پێشکەوتوویان بەسەردا هاتووە، گیانی هاوکاری و پێکەوەکارکردن و پێکەوەژیان باشتر و زۆرتر بووە، ئێستا خاوەنی سەدان ڕێکخراو و دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین و بە سەدان کورد خاوەنی کار و پیشەی بەرز و کاریگەرن، بە سەدان کورد خاوەنی دوکان و سوپەرمارکێت و کۆمپانیا و دامەزراوەی ئابوریی جۆراوجۆرن، هەموو پەوەندییەکانیش لەگەڵ کوردستاندا ئاسایی و بەردەوامە و بەو هیوایەی بەردەوام و هاوکاری و یارمەتی و پێکەوە گونجان و پێکەوبوون، ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر و باشتر و بەسوودتر بن.

لە کۆتاییدا هەمووومان پێویستە و دەبێت هەوڵ بۆ خزمەتکردنی باشتر و زۆرتری پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەت و وڵاتەکەمان بدەین و بەردەوام بین، هەرگیز لە پەیوەندیی و خزمەتکردندا کۆڵنەدەین.

2019–3–31

هۆڵەندا / ئەمستردام

# یوسف مەنتک نوسەرێکی ئەڵمانی-کوردە لە شاری لۆدڤیگس هافن، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە وەک کاندیدی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دەستنیشان کراوە، بڕیارە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوە بچێت

یوسف مەنتک نوسەرێکی ئەڵمانی–کوردە لە شاری لۆدڤیگس هافن و بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە، وەک کاندیدی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دەستنیشان کراوە، کە بڕیارە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوە بچێت. یوسف مەنتک ڕایگەیاند، لە شاری لودڤیگس هافن کاندیدم بۆ ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارە، کە بڕیارە 26ی مانگی داهاتوو "ئایار" بەڕێوە بچێت و ژمارەکەیشم لەناو لیستەکە 51ە.

زیاتر ڕونی کردەوە، لە پۆستەری ڕیکلامەکەیدا: دروشمی "ئازادی لێرە لەماڵەوەیە"م نوسیووە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، مرۆڤ لەو شوێنەی لێی دەژی ئازادی هەیە، واتا دەبێت مرۆڤ ئازادی هەبێت.

ئەو پاڵێوراوە، کوردە ئەندامی حزبی سەوزی ئەڵمانیایە، وەک خۆی هێمای بۆ دەکات، پارتی ئەوان، کار بۆ بەیەکەوە ژیان، مافی خێزان، ژینگەپارێزی، مافە کۆمەلایەتییەکان، ئاشتی، ئازادی، فڕێنەدانی پلاستیک، دەکات.

یوسف مەنتک یەک لە نوسەرە ناسراوەکانی کۆچبەرانی کوردیی ئەڵمانییە لە دیاسپۆرا و یەکێکە لە نوێنەرانی کورد لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت، کە ساڵانە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناساندنی کورد لەو پیشانگایەدا.

ژیاننامەی (یووسف منتک یا یووسف ئەحمد منتک):

کاتی خۆی لە نێو خانەوادەکەی و دۆستانی بە (یوسف شینە) ناو دەهێنرا، هۆزی منتک– بنەماڵەی حەمەد حاجی، خەڵکی گوندی دووشیوانی منتک سەر بەناحییەی قوشتەپەیە لە هەولێر.

ساڵی ١٩٦٦ لەشاری هەولێری باشوری کوردستان لە دایکبووە

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی کوردەوە.

ساڵانێکی زۆرە ئەندامی هیچ حزبێکی کوردستانی نییە.

لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢و ١٩٨٣بەشداری کردووە لەهەولێر. لەگەل هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش و خزمانی ئامادەسازییان کردووە بۆ ڕاپەرینی شاری هەولێر لە ڕێککەوتی ١٩٩١/٣/١١.

ڕێکخەر و بەشداری چەندین خۆپیشاندانی کردووە، دوای ڕاپەڕین وەک دژی تیرۆری سیاسی و شەڕی ناوخۆ لەشاری هەولێر. هەروەها لە بواری چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٣ دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامی بەرێوەبەری کۆمەڵی هونەری شەبەنگ نینا بووە لەهەولێر.

لەدوای ڕاپەینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ەوە تا ڕۆژی دەرچوونی بۆ دەرەوەی کوردستان– تاراوگە– بەشداری چەندین کارو چاڵاکی سیاسی و کلتوری و کاری شانۆیی و دەرهێنانی کردووە بەشداری فلیمی مناڵی کردووە، وەک ئەکتەر و بەرێوەبەری بەرهەم.

بەشداری چەندین مەراسیمی کردووە وەک یادەکانی ٨ ی مارس و ڕۆژی جیهانی کرێکاران و یادی مەرگی لینین بەکاری هونەری.

زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، ئەڵمانی دەزانێت، بەزمانی کوردی ناوەراست ئەلفو بێی ئارامی دەنووسێت.




ئەندامە لە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانی، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی جيهاني، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، ئەندامە لە کۆمیتەی هاوکاری شاری لودڤیگسهافن بۆ کۆبانێ کە ساڵی ٢٠١٥ دامەزراوە، ئەندامە لە کۆمیتەی نەخێر بۆ شەڕ، هاوکاری و پشتیوانی بۆ عەفرین لەشاری مانهایم دامەزراوە ٢٠١٨. ئەندامە لە کافێی دیداری جیهانی، کاری خۆبەش بۆ هاوکاری وەرگێڕان بۆ پەنابەران لەشاری لودڤیگسهافن ٢٠١٥ دامەزراوە.

کتێبە چاپکراوەکانی–:

١ /بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر لە کتێب فرۆشی سۆران بڵاوکراوەتەوە لە هەولێر.

٢ /بیبلیۆگرافیای کوردستان لە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپی، ساڵی ٢٠١١ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپکراوە .

٣ پەیڕەوی ناوخۆی ئاڵای شۆڕش ٢٠١٦ هەولێر.

٤ / ڕەچەڵەکی کورد، کۆمەڵێک گوتار و لێکۆلینەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی، ئەکادیمیای بەدرخان، ٢٠١٦ سلێمانی، بۆ جاری دووومم لە دەزگەی ئایدیا لە سلێمانی چاۆکراوەتەوە.

٥ /دیوانی شیعری گەمەی ئاگر دەزگای ماد ٢٠١٧ هەولێر.

٦ / کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، وەزارەتی ڕۆشنبیری وڵاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨ هەولێر.

١٩ – پرۆژەوکاری داهاتووی –:


–کارکردنە لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ١– بەرگی یەکەم ئامادەیە بۆ چاپ بەنێوی( مێژوویی ڕۆژنامەگەری کوردی(بیبلیۆگرافیاو لێکۆلینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی– ١٩٥٩–٢٠١٢). بەرگی دووەم لەکارکردندایە.

–ئامادەکردنی سەرجەم بەرهە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان، کۆکردنەوەیان بۆ چاپکردن لە چەند بەرگی کتێبدا. پرۆژەی ئەرشیفکردنی سەرجەم دیکۆمێنت و بڵاوکراوە و نوسراوەکانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپکردن لەکتێبێکدا.

– کارکردن لەبواری کولتوری، لێکۆلینەوە و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆژنامەڤانی. بەدواداچوون بۆ مێژووی کورد لە چاپە مەنییە بیانییەکاندا کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی تایبەت بە گەلی کوردو کوردستان.

# کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و دڵپیسکردن....!

## موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا




جاران گەر کەسێک دڵی لە خۆشەویستەکەی پیسبکردایە، وای لێکدەدایەوە کە ڕەنگ بێت هاوسەرەکەی لە گەشتێکیدا، پەیوەندییەکی تری دروست کردوە و بە شێوەیەکیش هەوڵی ئاشکراکردنی دەدا، تا بەڵگەیەک بۆ گومانەکەی یان هەوڵی دەدا لە ڕێگای دۆزینەوەی بلیتێکی سینەما یا دەرچوونی ڕەنگی سوراوێک لەسەر یاخەی کراسێک! ئەمە بسەلمێنێت، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و چات و فەیسبوکەوە، ڕۆژانە ئەو هەست و گومانانە دروست دەبن، دیارە ئەمەش بەهۆی زیادبوونی هاوڕێی نوێی نەناسراو لەلیستی ناوەکاندا خۆی نیشاندەدات، شارەزایانی ئەو بوارەش ناویان لێناوە (دڵپیس–غیرە–کردنی دیگیتاڵی).

ئایا بەڕاستی فەیسبووک هەستی دڵپیسی بەهێزدەکات؟

بەڵێ،ئەمەش لەئاکامی توێژینەوەیەکی کەنەدیدا سەلمێندراوەو دەروونناس – ئەمی مۆیسە–رای وایە:بەڵی هەر کاتێک مرۆڤەکان بەبەردەوامی مامەڵە لەگەڵ ئینتەرنێتدا بکەن،ئەوا ئەوهەست و حاڵەتە بەرەو خراپتر دەچێت.

ئایا ئینتەرنێت پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەگۆڕێت؟

هەندێجار بەڵێ،چونکە جاران هامۆشۆو پەیوەندییەکان سنووردارو تایبەتتر بوون و بەشێکی کەم لە دۆست وناسیاوەکان ئاگاداری ووردەکاری ژیانی تاکەکەس بوون،ئێستا ئەوەی زێتر لەسەر هێڵ بێت،ئەوا پەیوەندییەکانی بڵاو و ئاشکراترن،بۆ نمونە/باری خێزانی لە بەشی زانیارییەکاندا تۆماردەکرێت(خێزاندارە لەگەڵ...)ئەمەش لای هەموان دیارە،کە گۆڕانیشی بەسەرداهات بەهەمان شێوە بۆ هەموان بەیان دەکرێت،لەبەرامبەردا پێشان ئەم زانیارییانە لە نێوخۆ و لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەمانەوەو تایبەت بوون،بۆیە ئەمڕۆ هەرکاتێک لە پەیجەکەدا لەخێزاندارەوە،گەرهاتوو گۆڕدرا بۆ سەلت،ئەوا نیشانی هەموان دەدرێت و ئاشکرا دەکرێت،کە خاوەن پەیجەکە جیابۆتەوە،(گەر بێت و هەموو راستگۆیانە ئەو کارە بکەن!!)

چۆن تۆڕەکۆمەڵاتییەکان دڵپیسی بڵاودەکەنەوە؟

ئەوان بەشێوەیەک چاودێری لەناو خێزانەکاندا ئاسان دەکەن،کە لەرابردوودا بەهیچ شێوەیەک وا نەبووە،جاران هاوسەرێک دەبوو رۆژێکی تەواو بیربکاتەوە کە لەگەڵ کێدا دیدار ساز بکات؟ و چی بکات؟کەچی ئەمڕۆ زۆربەی بەخۆڕایی زانیارییەکانیان بڵاودەکەنەوە،وەک/وێنەیەک لەسەر خوانی نانی نیوەڕۆ،شوێنی نیشتەجێبوون،وێنەی ئاهەنگ،...تد،ئەمەش وا لەو کەسانە دەکات کە حەز بەشت زانین دەکەن،بەردەوام و راستەوخۆ لە گەڵیدابن.



ئایا ئینتەرنێت جوڵەکانمان سنوردار دەکات؟

بەڵێ، چونکە سیخوڕیکردن تێیدا بەشێوەیەکە، کە چیتر پێویست بەوەنەکات گیرفانەکان بپشکنرێن و بەدزییەوە پەڕاوی یادگارییەکان هەڵبدرێنەوە، بۆ دەستکەوتنی زانیاری، بەڵکو بەبێ ترس و لەرز دەتوانن بەیارمەتی بوونیان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت یەکتری سانسۆر بکەن و بەبێ ئەوەی کەس هەست بەوەی تر بکات و هەرکاتێکیش پێویست بکات و بیەوێت، لێرەدا مرۆڤەکان بەهۆی بوونیان لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا، ڕووبەڕووی دڵپیسی دەبنەوە، بە جۆرێک کە لەژیانی ئاسایی خۆیاندا هەرگیز دووچاری نەبوونەتەوە، ئەمەش ڕای پرۆفیسۆری دەروونناس لە خوێندنی باڵای کیۆلن (ڤیرا ئاریتزە)، ئەو خانمە تەمەن چل ساڵە، خێزاندارە و ناوی خۆشی لەفەیسبووک تۆمارنەکردووە.

بۆچی دڵپیسی–غیرە–دیگیتاڵی وا مەترسیدارە؟

چونکە ئێمە لەناوتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی تر قسەدەکەین و جیاوازتر پەی بە پەیوەندییەکان دەبەین، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە و تەواوی ڕاستییەکانیش ناخاتەڕوو، دەکرێت تێکست و وێنە و ڤیدیۆکان سەیربکرێن، بەڵام تۆن و دەنگەکانی نێوان کەسەکان نابینرێن و نابیسترێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە زانیاری تەواومان دەست نەکەوتووە و پێویستمان بەهی زیاترە بۆ ڕوونکردنەوەی بەڵگەکان. نمونەش/کاتێک هاوسەرێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بەڕێگاوە دەبێت، لەهەمان ڕۆژیشداو بۆ ئێوارەکەی لە لیستی فەیسبوک هاوڕێیەکی تازەی نەناسراو زیاد دەکات، ئەوا گومانی لێ دەکرێت، کە ڕەنگ بێت کەسێکی دۆزیبێتەوە و ئێوارەکەشی، کە کرتە لەسەر ناوێک دەکات و بۆتە هاوڕێی گومانەکە تۆکمەتر دەکات، خۆ دەشێت ئەو کەسە هەردەمێکیش بێت داوای هاوڕێیەتی کردبێت و هەر هیچ پەیوەندیشی بەوگەشتەوە نەبێت، بەڵام ڕێکەوت ڕۆژ و ئێوارەی کرتە لەسەر ناوەکەی کۆکردبێتەوە.

چۆن کۆنترۆڵی دڵپیسی دەکرێت؟

ئینتەرنێتیش وەک هەر هۆکارێکی تری دڵپیسی، کە پێشریش هەبووە، دەبێتە مایەی کێشەنانەوە و کاریگەری لەسەرپەیوەندییەکان دروست دەکات، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە، لەسەر ئاریشەکان گفتوگۆبکرێت و ڕاشکاوانە لەگەڵ یەک ڕاڤە و باسی لێوە بکرێت.

بڕوانە ل 5

# پاشماوەی....کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و دڵپیسکردن....! موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا

هەروەها لەهەر گۆڕانکارییەکیشدا چاکترە ئاگاداری یەکتربکرێتەوەو ئاماژەش بەوشتانە بکرێت کە جاڕسکەرن و نائارامی و بێ ئۆقرەیی بەرپا دەکەن.

گەر کێشە دروست بوو و توڕەبوونی لێکەوتەوە چیبکرێت باشە؟

خراپترین حاڵەت ئەوەیە، گەربێت و هەردوو بەیەکەوە تێی بکەون و دژی یەکتر شت بڵاوبکەنەوە، هەروەک پرۆفیسۆر ڤێراش رای وایە،دەبێت بەرلە رووداني پێشی لێبگیرێت:هەرگیز لەسەرهێڵی ئینتەرنێت گرفتەکانی نێوخۆ واڵامەکەن،بیر لەوە بکەنەوە کە خەڵکێکی زۆری نەناسراویش بە کۆمێنتارخۆیان لە ئیشەکە هەڵدەقورتێنن.

بۆیە لەدەستنیشانکردنی هاوڕێیەکی نەناسراودا بەرلە کرتەکردن یەکتر ئاگاداربکەنەوەو گەر هەر نەشکرا داواو ناوەنەناسراوەکە لەلیستەکەتدا بە یەکجاری بسڕەوە، بەمشێوەیەش دەتوانی کۆتایی بە ئاریشەو هەرکێشەیەکی لەشێوەیە بهێنی وکۆنتڕۆڵی دڵپیسیش بکەیت.

ئەو هۆیانەی دڵپیسی دیگیتاڵی دێننە ئارا لەوانەش/

*هاوسەرێک بایەخ بەکەسێکی دی دەدات:

گەر پێشتر لە چێشتخانەیەک دووکەس بەیەکەوە ببینرانایە،ئەوا ئەمڕۆ تاکە بەدڵ بوونێک(لایک کردنێک)لە ئینتەرنێت دەتوانێت ئەو گومانە دروست بکات.

*کەسێک بایەخ بەهاوسەرێک دەدات:

گەر بێت و ئەمەش پشتڕاست بکرێتەوە دەتوانرێت سەیری پرۆفایل بکرێت،ئەوکاتیش دەردەکەوێت چەند کەس و کێ بایەخی پێداوەو کرتەی لەسەر زانیارییەکاندا کردووە.

*هەندێ دەستەواژە و ڕستە چەندین مانا لەخۆ دەگرن ڕستەیەکی وەک (دوێنی ڕۆژێکی خۆش بوو)، مانای جیا جیا دەبەخشێت، ئەمەش ڕەنگە دڵپیسی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەتی گەر نەزانرێت لەبەرچی و بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە، ئەمەو هۆکاری تریش هەن، وەک پەیوەندی دروستکردنەوە لەگەڵ کۆنەدۆست و کۆنەیار.

ئەمانەش هەمووی چەند زانیارییەک بوون سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان دڵداران و هاوسەران، بە هیوای سوود بەخشین و دوور کەوتنەوە لە گومان و دوودڵی و دڵپیسی.

# پرنسیپی هونەری مۆسیقا
# سەلاح ڕەوف
# هۆلەندا



زۆرن کە هەردەم بەدوای پارویەکی بێ ئەرک و خەوتنێکی خۆڕاییەوەن، لایان گرنگ نییە بەری کام دار و بەرهەمی کام توانایە، خۆیانی لێ دەکەنە خاوەن و لەسایەیدا دەژین، گرنک ئەوەیە ویستەکانی ئەوان بەلاشە بێت، وا دەزانن ئەوەی بۆ ئەوان دەشت بۆ کەسانی تر ناشێ، گەر واش نەبێ ئەوا دەچێتە سنوری لێ خوێندن و پسکە پسک لێیان، دەشێت گەر کارێک کرا، ڕەزامەندی ئەوانی لەسەر بێ و لەژێر ڕێنمایی و هاوکاری ئەوان بێت، گەرلێشی نەزانن، گوایە ئەوکارەی هەندێ کەس دەیکەن مافی تاکە کەس نییە و دەشێت بەبڕیاری کۆنفرانسێک یا کۆنگرەیەک ڕێگەیان پێ بدرێت، بەڵام بەمەرجێ خۆیان لە سەرووی لیستی بڕیاردەرانی کۆنفرانس یان کۆنگرەکە بن، گرنگ نییە خۆیان چیان کردووە و توانایان چەندە، گرنگ ئەوەیە خۆیان پێشڕەوبن. لە هەموو دنیادا کۆنفرانس یان کۆنگرە بەپێی پێویست لە ساتی بوونی پێویستیەکدا دەبەسترێت بۆ برەودان بەکارێکی ئەنجامدراو، لەلایەن تاکە کەسێ یان چەند کەسێکەوە ئەنجامدرابێت یان لەبەر گرنگی شیتەڵکردنی کاری پەیوەندار بەو کۆنفرانسە. تاکە کۆنفرانس لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کۆنفرانسی مۆسیقای عەرەبی بوو، کە ئەویش هەر لەسەر داوای ئەوجۆرە کەسانە بوو، بۆیە ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە رووویدا و زانیاریان لەبارەوە نەبیستین، کوتایەکەی چۆن دەستیان پێکرد هەر ئاواش ماڵئاواییان لێکرد، هەردوو کۆنگرەکەی تریان بەهەمان مەرەچوو، چونکە کەس لە بابەتەکانی پێشوو زیاتر شتێکی نوێی پێ نەبوو، کۆنگرەکەیان تەنها بەسەرفکردنی هەزارەها جنێهی میسری و بۆ ڕۆژانەی بەشداربووان پارەی نوستنی ئوتیلەکەیان، گردبوونەوەکەیان نەیتوانی تاکە وشەیەک لە داهێنانیەکانی زەریاب و فارابی لەق بکات، جگە لە هێنانی چەند ناوێکی نوێ بەبۆچوونێکی دوور لە زانست. ئاشکرایە ئەوەی بەهرەمەندانی وەکو "سەلیم ئەلحلو "یان "سامی شەوا" یان "عەبدولرەحمان ئەلچبقچی" بۆ مۆسیقای عەرەبیان کردووە بە دەیان گۆنگرەی ئوتێل بەلاش نایەتە بەرهەم، هەرچەندە ئەو بۆچوونانەی ئەوانیش زۆر جیاواز نەبوون، لە بۆچونەکانی زەریاب و فارابی، بەڵام دەتوانیین بڵێین بەتایبەتی بۆ چوونەکانی عەبدولڕەحمان ئەلچبقچی تۆزێ لە سەرقاڵی و جەنجاڵی بەناو تیۆرەکانی زەریاب و فارابی کەم کردۆتەوە، هیچ نەبێ ناوی حەوت دەنگە مۆسیقایەکەی وەکو مۆسیقای جیهانی لێکرد، کە هەر ئۆکتاڤێک حەوت دەنگە، لای زەریاب و فارابی دوو ئۆکتاڤ بکاتە ٤٨ دەنگ و لەسەر بنەمای چارەکە دەنگی ناونراون، لە ساتێکدا لە مۆسیقای هەموو جیهاندا پلەدەنگی چارەکە دەنگی نییە، بچوکترین میانە نیو میانەیە و پاشان سێ چارەکە میانە و میانەی تەواو، هەر چەندە بۆچوونەکانی زەریاب و فارابیش لە بۆچوونی ((هۆگبالدی بەلچیکی ٨٤٠–٩٣٠)) و ((جیدۆاریدزۆی ئیتالی ٩٩١ –١٠٣٣)) زیاتر نەبوون، کە بریتیبوون لە دۆزینەوی نۆتەکانی مۆسیقا و پلیکانەی مۆسیقا و مۆدەکانی مۆسیقای کەنیسە. تائێستاش عەرەب و دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرهەمان بۆچوونی ئەوان دەڕۆن، ڕۆژ بەرۆژ گرێ کوێرەکە ئاڵۆزتر دەبێت، لای ئەوروپاییەکان ئەم سەر لێشێواویەی مۆد و پەیژەکانی مۆسیقای کەنیسە بەردەوام بوو، تا ئەو کودەتا گەورەیەی

بڕوانە ل 6

# پاشماوەی....

# پرنسیپی هونەری مۆسیقا.. سەلاح ڕەوف

کە مۆسیقازانی فەرەنسی ((جان فیلیپ رامۆ ١٦٨٣–١٧٦٤)) بەدۆزینەوەی بنەما شاراوەکانی ناو تیۆری مۆسیقای جیهانی،بەتایبەتی لە نێو تیۆرەکانی مۆسیقای کەنیسەدا نەبوون،کە هەرە گرنگەکەیان بریتیبوون لە بنیات نانی پەیژەی تێکڕای(السلم المعدل– Diatonic Scale) و پەیژەی کرۆماتیک و (بازنەی پینجی– Quints Circle) و چەسپاندنی ڕابەری پەیژەی مۆسیقا، کە بەهوی دۆزینەوەی ئەم بنەما زانستیانە کە پڕاوپڕ پێچەوانەی تیۆرەکانی مۆسیقای کەنیسە بوون،بۆیە ڕامۆ ناچاربوو سەری خۆی هەڵگرێ و تا دوا ساتەکانی ژیانی لە وڵاتی ئیتالیا بژی. بەچەندساڵێک دوای ئەودۆزینەوەیە مۆسیقازانی جیهانی ((یۆهان سبستیان باخ–١٦٨٥–١٧٥٠)) کە هاوتەمەنی ڕامۆ بوو, لە سەر بنەماکانی ڕامۆ (پەیژەی دیاتۆنی– السلم المعدل) بەتەواوی سەپان بەسەر مۆسیقای ئەوروپیدا و کارلەسەر بازنەی پێنجی سەروو خوارووکرا. لەهەموشی گرنگتر لە بۆچونەکانی ڕامۆ دۆزینەوەی ڕابەرەکانی سەر پلیکانی مۆسیقا کە بریتین لە:

١– ڕابەری کلیلی مۆسیقا: هەرسێ جۆرەکە واتا کلیلی سۆل و کلیلی دۆ و کلیلی فا و بەکارهێنانیان بەپێی جۆری دەنگ، مرۆڤی یان ئامێری مۆسیقا.

٢– ڕابەری پەیژە کە بەهۆیانەوە جۆری پەیژە مۆسیقاییەکان ئەناسرێنەوە.

٣– ڕابەری ڕیتم کە بەهۆیەوە جۆری ڕیتمی مۆسیقاکە دەستنیشان دەکرێت.

ئەمانەی کە باسمانکرد بەتایبەتی خاڵی دووهەم لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتییدا بۆنی نییە، کە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی مۆسیقا بەشێوەی زانستی، زۆربەی هونەرمەندەکانی خۆمان لەهەوڵی پەیڕەوکردنی ئەو بنەماسەرەکیانەن کە لەمۆسیقای جیهانیدا هەیە، بەتایبەتی خاڵی دووهەم کە بریتییەلە بەکاربردنی ڕابەری پەیژە بەشێوازە زانستیەکەی، بەڵام بەداخەوە هەندێک تائێستاش پاشکۆی نەتەوەکانی دەوروپشتن کە ئەوانیش گوێ لەمشتی بنەما تیۆریەکانی زەریاب و فارابیین، من ڕام وایە بەم نزیکانە ئێمەی کورد ئەبێ خۆمان لەدەست ئەو بنەما نازانستیەکانی زەریاب و فارابی و گوێ لەمشتەکانیان ڕزگارکەیین. ئەو شۆڕشە گەورەیەی لەدوای ئەو بەهرەکاریانەی کە ڕامۆی فەرەنسی کردی و پاشان سەپاندنی بیرۆکەکە لەلایەن (باخ) ەوە بووە هۆی بنیادنان و فراوان بونی ئاستی داڕشتنی فۆرمە نوێکانی مۆسیقا لای ئەوروپیەکان بە شێوەیەکی زۆر زانستیانە. ئەمانەی باسکران هەمویان کاری تاکەکەسین و هیچیان داوایان نەکردووە کارەکانیان لەژێر سایەی خەڵکی تردا بڕوامەندبن، گەر کۆنگرەیەکیش بۆ ئەوبابەتانە گیرابێ ئەوا بەپەرۆشی کەسانی زاناو خاوەن بڕوانامەی بەهرەمەندانە، یان لایەنی دەسەڵاتداری دڵسۆزی نەتەوە، کە هەست بە بوونی کارێکی شیاوی زانستی بکات بەئەنجام گەیەنراوە، یان بەپێزیی ئەوکارانە خۆیان بونەتە جێی پەسەندی دانشگاو مەڵبەندە بسپۆرەکانی ئەو بابەتانە. ئێمەی نەتەوەی کورد ئەبوایە زۆر لەمێژە خۆمان لەو تەنگوچەڵەمەیەی دەوروپشتمان دوربخستایەتەوە، نەک ببینە پاڵپشت بۆیان، کۆکردنەوەی بەرهەم و ئاوازە ڕەسەنەکانی نەتەوەکەمان پێویستی بەکۆنگرەی مۆسیقانییە،ئەوکارە سەرەتا بەکاری تاکەکەسی یان چەند کەسێک دەست پێ ئەکات، هەروەها هەندێ مەڵبەندی تر هەیە کە ئەوکارانە ئەکەن و کردوشیانە بۆنمونە:– ئنستوتی کەلەپوری کوردی،هەروەها دەستنیشانکردن و ڕوومالکردنی مۆرکی ڕەسەنی نەتەوایەتی، پێویستی بە زانستییەکی قوڵ و پڕ هەیە ئەوەی کە بەم کارە هەڵدەسێت جگە لەتوانای خۆڕسک، پێویستی بەتوانا و زانستی کەسانی تریش هەیە، لە ئەوروپا، کەم کەس هەیە بەمۆرکی ڕەسەنی نەتەوەکەی ئاشنا نەبێت، چونکە لەلایەن زانایانیانەوە ڕومالێکی ئاسانکاری وای بۆکراوە، کە زۆر زوو بۆ ئاستی هەموو تەمەنەکانی مرۆڤەکانیان ئاشنا دەبێت. لای خۆمان هەندێ کەسی بەناو مۆسیقازان هەیە، کە خۆی لەترۆپکی زانستی مۆسیقادا هەژمار دەکات، بۆ نموونە تائێستا نەیان توانیوە دوو دێری بەپێز لەسەر مۆرکی ڕەسەنی هونەری ساز و ئاوازی نەتەوەکەمان بنوسن، هەرچەندە ئاشکرایە کە ڕادەی زانیین بەدوو جۆر دەردەکەوێ:–

یەکەمیان نوسین، دووەم باسکردن، زۆرکەم لە هونەرمەندانی ئێمە خاوەنی ئەو دوو توانایەن، بەڵام مەخابن هەندێ کەس خاوەنی بلیمەتییەکی ترن، ئەویش: گەر کەسێک کارێکی ئەنجامدا، هەر زۆر ڕەحمی پێبکەن ئەوا دەڵێن ئەوکارە دەبوایە لەژێر سایەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیدا ئەنجام بدرایە، یان دەڵێن هەندێ کەس تازە بەتازە باس لە ناسنامەی ڕەسەنی کوردی دەکەن، گوایە خۆیان لەوسەری هاتونەتەوە، هەرچەندە خۆشیان نەبەنوسین و نەبە باسکردن ڕۆژێک لەو بابەتە نەدواون، ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ بێئاگاییان، گەر وانییە خۆشحاڵین کە بیروڕاو سەرنجیان بزانین، جا بەنوسین بێت یان بەباسکردن، لەبەرئەوە ئەوە پێویستیەکی نەتەوەییە، گرنگ نییە ئاستی باسەکەیان چۆنە گرنگ ئەوەیە بیروڕایان بخەنەڕوو، تا نەوەکانی نەتەوەکەمان کەڵکی لێوەربگرن، چۆن لەهەموو جیهاندا گەورە تابچوک بە مۆرکی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆیان ئاشنان، نەک لەمۆسیقا بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەییان، من لێرەوە بەدەنگی زوڵاڵ هاوار دەکەم پاش ئەوهەموو نەهامەتییەی نەتەوەکەمان لە پارچە پارچە بونی وڵاتەکەمان و نەبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هونەرەکەشمان هەرلەسایەی ئەو دەسەڵاتانەدا ماوەتەوە،هەمان تەنگوچەڵەمەی مۆسیقای دراوسێکانمان شانی ئێمەی کوردیشی گرتووە،دەڵێم ساتی ئەوەهاتووە هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە هەست بەبیری نەتەوەیی بکات و مۆرکە ڕەسەنەکانی هەمووبوارەکانی نەتەوەکەمان یاداشت بکەن ئێستا کاری نوسین و بڵاوکردنەوە زۆر لە ساتە پێشووەکان ئاسانترە، من بیرمە لە ساڵەکانی حەفتاکان بە دەست و نوسینی خۆمان کتێبمان چاپ دەکرد، لە بەرئەوەی چاپی نوسینی نۆتەی مۆسیقا لە وڵاتەکەماندا نەبوو، ئێستا کارەکە ئەوەندە ئاسانە جگە لەتوانای نوسین و باسکردن، پێویستت بەهیچ هیلاکبوونێکی تر نییە، بۆیە داواکارم لە هونەرمەندان و هونەردۆستان (جگە لە مشەخۆرەکان)، کە خۆیان دوردەگرن لە بواری ئاشناکردنی پیناسەی هونەرەکەمان بە خودی نەتەوەکەمان و دەوروپشت و بگرە جیهانیش، گەر شارەزاییان لێی هەیە، بەپێچەوانەشەوە با بارتەنگی بۆ کەسانی تر بنیاد نەنێن و لێپرسینەوی مێژوویان نەخەنە پاڵ، کە تاک ڕەوییان کردووە، خۆشیان هەلی ئەم ژیانە لە دەست خۆیان نەدەن، گەر توانادارن، هەوڵبدەن شان بەشانی برا هونەرمەندەکانی تریان پێناسەکردن و ناساندنی مۆرک و شێوازی هونەری کوردیمان بخەنە دووتوێی نوسین و باسکردن، ئیتر بەس بە تەنها بەچەند وشەیەک، کە جگە لە پیشاندانی بێتوانایی خۆیان هیچی تری لێ بەدەست نایەت، گوایە ئەمە ئەرکی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە (کۆنگرەی ئوتێل بەلاش)، نەک کاری تاکە کەسی، کە لەڕاستیدا پیچەوانەکەی راستە، ئەو کارانە لە کاری تاکەکەسییەوە دەست پێدەکات، دواتر دەبێتە کاری دەسگایەک، پاشان زانکۆیەک بۆ پێناسەکردنیشی کۆکبوونی ڕای سەرجەمی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران دەبێتە کاری وەزارەتێکی پەیوەست بەوکارە.

هەرچەندە ئاشکرایە هەموو سەرەتایەک بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نابێت، گرنگ ئەوەیە هەموو هەوڵبدەین دەست لەناودەست، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دەوڵەمەند و زانستیانە بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی هونەری نەتەوەکەمان، بۆیە من لێرەدا بە گرنگی دەزانم کە ئەم نوسینەم ببێتە تەوەرێک و قسەی لە سەر بکرێت.

# بیروڕای ئازاد....بیروڕای ئازاد....بیروڕای ئازاد....بیروڕای ئازاد....بیروڕای ئازاد....

## میللەتی موزەیەف، لاسایی میللەتانی تر دەکاتەوە



محەمەد ئیسماعیل

لە ژمارە 41 ی ڕۆژی 2019/4/10 نوسینێکی کاک (دانا هەڵەبجەیی)مان بە ناونیشانی (هەولێری ڕەش یا ڕەنگاوڕەنگ) لەسەر فێستیڤاڵی ڕەنگەکانی ڕۆژی 2019/4/5 ی هەولێر بڵاوکردەوە.

لە ژمارە 42 شدا کورتە نوسینێکی هونەرمەندی شێوەکار (محەمەد ئیسماعیل)مان بڵاوکردەوە، کە لە وڵاکەی خۆیدا دایبەزاند بوو، بە ناونیشانی (میللەتی موزەیەف، لاسایی میللەتانی تر دەکاتەوە)، پاش ئەوە بەڕێز کاک محەمەد ئیساعیل، بەدڵگرانییەوە تەلەفۆنێکی بۆ کردین کە ئەو مەبەستی میللەتی کورد نییە لەو دەستەواژەیەی بەکاری هێناوە.

لێرەدا ئیمە وەک بیروڕای ئازاد دەقی نوسینەکەی هونەرمەندی ئازیز کاک محەمەد ئیسماعیل وەک خۆی بێ دەستکاری ڕێنوسەکەی بڵاویدەکەینەوە.

سەیری لاپەڕەی فەیسبووکم دەکرد بینیم بەڕێز کاک سەردار ئەمین بڵاوکراوەی تاراوگەی بۆمن ناردبوو، کە بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنیە لە هۆڵەندا دەردەچێت، لە لاپەڕەکەدا وێنەی خۆم بینی، سەرەتا وامزانی بابەت لەسەر کار و چاڵاکی هونەریەکانم نوسیویانە، دواتر چۆمە سەر ناوەڕۆکی بڵاوکراواکە بینم نوسینێکی من کە ئێستاش لە لاپەڕەی فەییسبووکم ماوە لامنەبردوە! وەرگیراوە و بڵاویان کردۆتەوە و بابەت لەسەر ڤیستیڤاڵی ڕەنگ کە دوو حەفتە پێش ئێستا کرا لە هەولێر.

سەرەتای دەستپێکی نوسینەکەم بەو شێوەیەیە کە نوسیومە!

(میللەتی موزەیەف لاسایی میللەتانی تر دەکات).


ئینجا چویمە ناو ناوەڕۆکی نوسینەکەم، کە ئەوەش دەقەکەیەتی!

(میللەتی موزەیەف لاسایی میللەتانی تر دەکات). قوتابیەکی هیندی'م هەیە ناوی" ڕوپیش"ە وانەی نیگار کێشان لای من وەردەگرێت، بەخۆی ئەندازیاری پرۆگرامی کۆمپیوتەرە، پار وێنە ڤیستیڤاڵی ڕەنگم پێ پیشان دا هی شاری هەولێر زۆری پێ سەیر بوو گوتی چۆن وا!!!! ئەوە ڤیستیڤاڵی هۆلی هیندیە, گوتم ئێستا لە کوردستانیش دەیکەن، پێکەنی گوتی بۆ ئەم ڤیستڤاڵە دەکەن؟!! گوتم هەر بۆ خۆشی!، گوتی چ پەیوەندی بە کوردەوە هەیە؟!؟!، گوتم هیچ زۆر پێکەنی، گوتی ئێستا بەوەی دەچێت لەناکاو هیندیەکان بە کۆمەڵ بڕیاری جەژنێکی کلتوری ئێوە بدەن بەبێ بنەمایەکی مێژوویی.

بڵاو کراوەی تاراوگە هەڵساوە ئەو دەسپێکەی من کە نوسیومە (میللەتی موزەیەف لاسایی میللەتانی تر دەکات.) دەڵێ فەرموون بۆ نوسینەکەی هونەرمەند کاک محمد ئیسماعیل کە بەداخەوە میللەتی کورد بە موزەیەف لە قەڵەم داوە، بەڕاستی من شۆک بووم زۆریش پێم ناخۆش بوو نوسینەکەم بەو شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کرا! لێرە جەخت لەسەر ووشەی مەزەیف کراوەتەوە یان(میلەتی موزەیف )وە بەو ووشەیە پەنجەی رەخنە بۆ من درێژ کراوە ، هەلبەتە من خۆم وەک کوردێک هیییچ رەوا نیە ئەو زاراوەیە بۆ میلەتەکەی خۆم بەکار بێنم و بەو شێوەیە وەسفی بکەم چونکە ئەمە شێویەکی ناشرینە بۆ خودی خۆم وەک کەسێ و دواتر وەک هونەرمەندێ.. راستە ووشەی موزەیفم بەکار هێناوە.. بەلام ئەو ووسفە بۆ خودی میلەتەکەی خۆم نەبوە وەک لێک دراوەتەوە بەلکو بۆ موزەیفی لاسایی کردنەوەی هەنێ لەو نەرێت و بۆنانەی کە هیچ پەوەندیەکی بە کەلتورو نەرێتی ئێمەوە نیە.. بۆ نمونە ئاهەنگی رەنگەکان ئاهەنگێکی ئاینی هیندۆسەکانە کە لە هیندو بنگلادش و پاکستان پەیرەو ئەکرێ بە ناوی جەژنی هۆلیەوە. هەروەها بۆ گەشەپێدان و بەرەکەتی بەرو بومی کشت وکال سالانە پەیرەو ئەکرێ و لە کۆتایی سەرماو سۆلەی سزتان واتە هیچ پەیوەندیەکی نیە نە بە نەرێتی ئێمەوە وە نە بەئاینی ئێمەوە.. وە ئایا ئەوانەی ئامادەی ئەم ئاهەنگە ئەبن تا چەن زانیاریان لەسەر ئەم ئاهەنگە هەیە و یان لە کوێوە سەر چاوەی گرتوە و بۆ چی ئەکرێ؟ یان تەنها لاسایی کردنەوەیەکی موزەیفەو هچی تر ، ئەوەی مەبەستمە لێرە کەسانی نا پسپۆڕ لای خۆمان ئەو جۆرە چاڵاکیانە بەڕێوەی دەبەن، ئەو نا پسپۆڕانە بە بێ بنەمایەکی زانستی و ستراتیژی میلەت بەرەو بزرکردنی ئیدێنتتیان ئەبەن ، لێرە ویستم هۆشداری بدەم بەو بەرپرس و گرووپانەی کە ئەو جۆرە ڤیستیڤاڵانە ڕێک دەخەن بەبێ هیچ دیراسە کردنێک، جێگای داخە کە قەڕاڕ دان بۆ ئەم جۆرە چاڵاکیانە بە مەزاجی چەند کەسانێک درووست ئەبێ نەک بە قەڕاڕێکی ڕاپرسی، من وەک هونەرمەندێک بیردەکەمەوە ترسم لەوەدایە میللەتمان ئیدەنتتی خۆی لە دەست بدات بە حوکمی ناشارازایی بەرێوەبردنی ئەو خەلکە ..

بەهەر حاڵ هیوادارم کەسانی تریش وەک بڵاوکراوەی تاراوگە بە هەڵە لێکدانەوەیان نەکردبێت بۆ نوسینەکەم گەر ئەو هەڵە تێگەیشتنەش هەبێت من داوای لێبووردن لە گەورەو بچووکی میللەتی خۆم دەکەم، من وەک هونەرمەندێکی ئازادم لە ڕا دەربڕینم ئینتمام بۆ هیچ حیزبێک و هیچ بزووتنەوەیەک نیە، کەسیش سەرکردەی من نیە، بەڵام( ئاڵا، ووڵات، میللەت)م زۆر موقەدەسە لەلام.

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## ڕێبوار خالید تاهیر

لە ساڵی 04 –12– 1955 لە شاری سلێمانی لە دایک بووە؛ لە شاخ پاشان لە سوید ژیاوە و لە ١٣–٩–٢٠٠٣ لەگەڵ خاتوو نەسرین ئەحمەد ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

هەر لەسەرەتای لاوییەوە، بەهرەی هونەرمەندێکی ڕەسەنی وێنەکێشانی تێدا دەرکەوتووە و لە ساڵی 1977ەوە دەستی بە کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری کردووە، ساڵانی 1977–1980 بەشداری پێشانگاکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی عێراق کردووە.

ساڵی 1980 کۆلێجی کشتوکاڵی تەواو کردووە، ساڵانی 1989–2011 لە شاخ بەشداری ئەو پێشانگا شێوەکارییانە کردووە، کە لە ژێر سایەی شۆڕشی کوردستاندا کراونەتەوە.


لە نێوان ساڵانی. 1977–2011 دا چوار پێشانگەی تایبەتی لە ئێران و سوید و کوردستان کردۆتەوە، ئێستاش بەردەوامە لە کردنەوەی پێشانگای هاوبەش و تایبەتی. هونەرمەند ڕێبوار، شێوازێکی سەرنج ڕاکێشەر و تەلیسماوی تایبەتی خۆی هەیە لە تابلۆکێشاندا، ئەوی کەمێک سەلیقەی هونەری هەبێت هەر بۆیەکەمجار بە بینینی تابلۆکانی یەکسەر شارەزای شێوازەکەی ئەو دەبێت و مۆرکی ئەو دەناسیتەوە، هونەرمەند ڕێبوار لەم ماوانەی دوایدا کۆمەڵێک پۆرترێتی کەسایەتییە ناسراوە و مێژووییەکانی کوردستانی کێشاوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکانە:

https://www.youtube.com/watch?v=-7lg0px5E2Y

https://nl.pinterest.com/pin/447545281711281696/




























# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807